# زمانی کوردی منالآنی کورد له ئەوروپا لەمەترسیدایە

**رزگار رەزا چوچانی - سوید**



حکومەتی سوید لەگەڵ خوێندنی سویدی گرنگی و بایەخ بە زمانی دایکی هەموو ئەو نەتەوانەش دەدات کەلەم ولآتەدا دەژین و بۆ ئەو مەبەستەش هاوکاری و کارئاسانی بۆ هەموو ئەو مامۆستایانە دەکات کە بەزمانی دایکی خۆیان وانە بە هاونەتەوەکانی خۆیان دەدەن.

لەولآتی سوید رێژەیەکی زۆری کورد دەژین، بەڵام وێرای هاوکاریەکانی حکومەتی سوید بۆ ئەوەی بەزمانی دایک بخوێنن، زۆر کەم لەکوردەکان گرنگی بە خوێندنی کوردی دەدەن و منالەکانیان نانێرن بۆ خوێندنی کوردی، مامۆستایانی کوردیش لەم ولآتە ئەوە بۆ چەند لایەنێک دەگێڕنەوە. وەک کەمبونی بڕوای نەتەوەیی بێ متمانەیی کورد بە ئایندەی کورد کەمتەرخەمی و خەمنەخۆری دایک وباوکەکان و حکومەتی کوردستان لەم لایەنە گرنگە کە هەرەشەیە لە بەکوردی مانەوەی زمانی ئەو مندالە کوردانەی لەسوید دەژین.

مامۆستا ڕیواس کە خەڵکی باشوری کوردستانە لەسوید وانەی کوردی دەڵێتەوە، ئاماژەی کرد کە ئەگەر باسی ژمارەی ئەو قوتابیە کوردانە بکەی بەزمانی کوردی دەخوێنن بەراوردی بکەی بەو قوتابیانەی بەزمانی کوردی ناخوێنن کەزمانی دایکیانە جیاوازی زۆر دەبینی ئەوانەی کەدێن بۆخوێندن بەکوردی زۆر زۆر کەمترن لەوانەی کە بەکوردی ناخوێنن، ئەم خانمە مامۆستا هۆکارەکەی باسکردوو ئەو مەسئولیەتەشی خستە ئەستۆی دایک وباوکەکان وتی " لەم ولآتە تاکە شوێنێک کە مندالەکان زمانی کوردی تیا موماره‌سەکەن ماڵی خۆیانە، لەو ڕێیەشەوە دایک و باوکەکان دەتوانن ڕۆڵێکی باش بگێڕن بەمنالەکانیان بڵێن خوێندن بەکوردی لەکوێدا و بۆچی بۆ ئەوان گرنگە، بەڵام نەک ئەوە ناکەن بەداخەوە دایک وباوکەکان لەگەڵ ئەوەش کە سویدیەکی باش

نازانن لەماڵەوە بە سویدی قسە دەکەن لەگەڵ مناڵەکانیان ئەو تاکە جێیەش ناهێڵنەوە بۆ مناڵەکانیان تا مومارەسەی زمانی کوردی تیابکەن کە ماڵەکەی خۆیانە."

ڕێواس جگە لەوەش هۆکارێکی تری بۆ کەمتوانایی مامۆستا کوردەکان گێڕایەوە کە "زۆرێک لەمامۆستاکانی کورد تا ئێستا نەیانتوانیوە پەرە بەخۆیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بە میتۆدێکی نوێ وانە بڵێنەوە. دەبینی مناڵەکان توشی مەلەل بوون، مناڵ لەسوید مامۆستاکەی بەشێوەیەکی تر تەعامولی لەگەڵ دەکات و وانەی پێدەڵێتەوە کەدێت بۆ خوێندنی کوردیش مامۆستا بەهەمان شێوەی کوردستان تەعامولی لەگەڵ دەکات ئەمەش جیاوازی لای مناڵ دروست دەکات دوو فاقیەک دەبینێت، بۆیە مامۆستا کوردیەکان پێویستیان بەوەیە زیاتر بەخۆیاندا بچنەوە و خۆیان پەروەردە بکەن."

مامۆستا رەشاد مستەفا خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانە. پێی وایە گرنگی نەدان بەخوێندن بەزمانی دایک لای خەڵکی کوردستان لە سوید دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و باکگراوەندی ئەو جێیەی کوردەکەی لێوە هاتووە وەک" ئەگەر لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتبێتە دەرەوە ئەوە کێشەیەکی هەیە لە ولاتەکەی خۆی لەسەردەمی رەزا شاوە خوێندنی کوردیان لێ قەدەغەکردوون وەک پێویست تێگەشتن لەو بارەیەوە نییە. ئەوانەشی کە لەباکورەوە دێن کێشەی گەورەتریان هەیە، ئەتا تورک لەساڵی بیستەکانەوە لەولاتەکەیان خوێندنی زمانی کوردی قەدەغەکردو هیچ خوێندن بەکوردی نازانن ئەوانی باشوری کوردستانیش کاتێک هاتون کە بەعس لەسەر حوکم بووە و کوردبون و گرنگی کوردی زۆر لا کاڵ کردبونەوە یان کاتێک هاتونەتە دەرەوە ڕێکخراوە کوردیەکان خەریکی خۆکوژی و کورد کوژی بوون گرنگیان بۆ خوێندن نەبووە و لەجێی ئەوەی دوو کتێبی باش چاپ بکەن خەریکی شەڕ بوون. لەشاخەکانەوە هاتبونە ناو شارەکان و حکومەتدارییان ئەسڵەن نەزانیوە تا بتوانن کتێبێک چاپ بکەن، بۆیە لەو ماوەیەدا نەخوێندەواری و بێ سەوادیەکی زۆر پەرەی سەندبوو ئەوانیش بەو نەخوێنەواریە هاتونەتە دەرەوە بۆیە گرنگی بەخوێندنی کوردی مناڵەکانیشیان نادەن ".
مامۆستا رەشاد پێی وایە ئەو مێژوەی کەباسی کرد کاریگەری هەیە بەسەر بڕوای نەتەوەیی هەموو ئەو کوردانەی هاتونەتە دەرەوە و وتی هەموو ئەوانە وایکردووە بێ متمانەیی دروست بووە بەئایندەی

وڵاتەکەیان هەندێک لە کوردەکان نەک مناڵەکانی خۆیان نانێرن بۆ خوێندنی کوردی بەڵکو دەیان نێرنە خوێندنی فارسی و تورکی و عەرەبی ئەو زمانانە لەجێی زمانی دایک دەخوێنن، بۆیە پێویستە کار بکرێت بۆ رەواندنەوەی ئەو بێ متمانەییە لای تاک و خێزانی کورد، ئەم مامۆستا کوردە لەگەڵ باسکردنی گرنگیدان بە زمانی دایک لای سوید رەخنەی هەبوو کە حکومەتی کوردستان لەو بارەیەوە کەمتەرخەمە " حکومەتی سوید وەک ڕێزگرتن لە زمانی دایکی هەموو ئەو قەومیەتانە کەلەسویدا دەژین هەموو ئیمکانیەتێک دەخاتە بەردەم مامۆستاکانیان تا وانە بڵێنەوە و هەموو کارئاسانیەک و هاوکاری مامۆستاکان دەکات. بەڵام بەداخەوە ئێمە وەک مامۆستایانی کورد تا ئێستا بەهیچ جۆرێک لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە هاوکاری نەکراوین ئێمە چاوەڕێمان دەکرد کتێبی نوێ چاپ بکەن و بەئێمەش بگات، بەڵام لەو بارەیەوە هیچ شتێکیان نەکردووە ئەوەی بەدەستی ئێمەوەیە کتێبەکەی مامۆستا ئەمین باڵدارەو چاپی دەکەینەوە یان هەندێک کتێبی کۆنە کەکاتی خۆی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران چاپیان کردبوو ئێستا بەوکۆنیە ماوەتەوە بەدەستمانەوە یان هەندێک لەبرادەران هەندێک شت دەنوسن ئێمە کەڵکیان لێوەردەگرین لەبەرانبەریشدا دەبینم مامۆستا تورکەکان دەچنە سەفارەتی خۆیان کتێبی نوێ و چاپکراوی تازەیان بۆ وانە وتنەوە لەکیسی رازەوە بە ئاڵا و نەخشەی تورکیەوە بەدیاری پێدەدرێت ئێمەش بەکۆمەڵێک کتێبی کۆنەوە وانە دەڵێینەوە، ئەوان لەخەمی خەڵکی خۆیانن کە زمانی دایکی خۆیان لەیاد نەکەن وەلێ حکومەتی کوردستان کار ئاسانی خوێندنی کوردی بۆ مناڵەکانی کورد لەدەرەوە ناکات ."

مامۆستا رەشاد لەگەڵ رەخنەکانی لەو خێزانە کوردانەی گرنگی بەخوێندنی مناڵەکانیان نادەن بەڕێزەوە باسی زۆر خێزانێکیشی کرد کە گرنگی و متمانەی کوردبونیان لای منداڵەکانیان دروستکردووەو دەیاننێرنە خوێندنی کوردی.

مامۆستا شیرین کە ئەویش لەوڵاتی سوید وانەی کوردی دەڵێتەوە باسی ئەوەی کرد لە ڕابردوو زیاتر گرنگی بەخوێندنی کوردی دەدرا لەلایەن خێزانە کوردەکانەوە ئێستاش ئەو گرنگیدانە کەمبۆتەوە، بۆیە هەندێک مامۆستای کورد ئێستا بێکارن" خەریکە گرنگیدان بەزمانی دایک لای

کوردەکان کەمدەبێتەوە بەشیوەیەک کە لەو جێیەی منی لێم چەند مامۆستایەکی کورد هەن ئێستا بێ کارن کەس نییە وانەی پێ بڵێنەوە چونکە ئەوان مامۆستای کوردین ئەی ئەگەر کورد نەیەت ئەمان دەرسی پێ بڵێنەوە خۆ وانەی کوردی بەمنداڵە سویدیەکان ناڵێنەوە؟" مامۆستا شیرین لەبارەی هۆکاری نەخوێندنی منالانی کورد بەزمانی خۆیان دایک و باوکی بەهۆکار زانی" لێرە لەناو کوردەکان دایک و باوک بە ئەرکی خۆیان هەڵناسن و لە منالەکانیان ناپرسنەوە کاتێک لەنەهاتنی منالەکانیشیان بۆ خوێندنی کوردی ئاگاداریان دەکەیتەوە ئەوان بیانویان بۆ دروست دەکەن، بۆیەش دوای چەندین جار غیاب بونیان رەنگە مافی خوێندنیشیان نەمێنێت جگە لەو کەمتەرخەمیە هەندێک جار عونسوریەتیش ڕێگرە بۆ نمونە زۆرکات هەیە ئەگەر مامۆستاکە کرمانجی بێت، سۆرانی منداڵ نانێرێت بۆ خوێندن لای ئەو، ئەگەر سۆرانی بێت کرمانجی نایئێرێتە لای ئەو لەولایەنەشەوە ڕێگری هەیە و منداڵی کورد زیانمەندو دابڕاو بوون لە خوێندنی کوردی."

لەوەڵامی رەخنەی مامۆستایان کە سەفارەتی عێراق وەک سەفارەتی وڵاتانی تر لە پێویستیەکانی خوێندن ئاسانکاری بۆ مامۆستایان ناکات "دارا ئەحمەد" لەسەفارەتی حکومەتی عێراق لەسوید رایگەیاند تاکو ئێستا لە بەغداوە هیچ ڕێنماییەکیان بۆ نەهاتووە کە لەو بارەیەوە هاوکاری مامۆستاکان بکەن پێویستی خوێندنیان بۆ دابین بکەن و ئەوەشی بەکاری وەزارەتی پەروەردەی هەردوو وڵات زانی و وتی" بەبڕوای من ئەوە پێویستی بەڕێککەوتنی دوو وەزارەتی خوێندنی سویدو عێراق هەیە ئەوان دەتوانن بۆ ئەو مەبەستە ریککەوتن لەنێوانیان هەبێت و هەماهەنگی بکەن" هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە ئەگەر ئەوان لەخوێندن کار بۆ خوێندنی کوردی بکەن دەبێت بۆ زمانەکانی تری عێراقیش هەمان شت بکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەش "تاکو ئێستا یەکێتی مامۆستایانی کورد کە لەسویدن داوایەکی لەو شێوەیان لەسەفارەتی عێراق نەبووە خۆ ئەگەر ئەوان ئەو داوایان لەسەفەرەت بکردایە ئەوە لەسەفارەت مولحەقی رۆشنبیریمان هەیە و بەدڵنیاییەوە داواکەیانی دەگەیاندە وەزارەتی پەروەردەو لەو بڕوادام ئەوانیش بەدەم داواکاریەکەیانەوە دەهاتن بەڵام تا ئێستا داوایەکی لەو شێوەمان نەهاتوەتە بەردەست تا نەیکەین و رەخنەمان لێبگرن."

دارا وتیشی ئەگەر نوێنەرایەتیەکی باشی هەرێمی کوردستان وەکو حکومەت هەبوایە مامۆستاکانی کورد رەگە باشتر ئاسانکاریان بۆبکرایە لەوڕێیەوە چونکە خوێندنی زمانی کوردیش لێرە کێشەی هەیە کرمانجی و سۆرانی هەیە بۆ نوسینیش دوو شێوە نوسین هەیە لێرە کوردەکانی تورکیە بەشێوەیەک دەنوسن و کوردەکانی دیکەش بەشێوەیەکی تر بۆیە ئەوە رەنگە کاری سەفارەتی عێراق نەبێت ئەوەندەی کاری یەکێتی مامۆستایان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمە. لەبەرانبەریشدا مامۆستا ئاسۆ گەرمیانی بەرپرسی سکرتاریەتی ئەوروپای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەسوید رایگەیاند ئەوان دڵنیابوون لەوەی سەفارەتی عێراق هاوکاریان ناکات بۆیە تاکو ئێستا داوای هاوکاریان نەکردووە چونکە"نمونە زۆرن کە داوای هاوکاری لەو سەفەرەتە کراوە و وتویانە ئێمە سەفارەتی عێراقین نەک کوردستان ناتوانین هاوکاری بکەین" ئەوەشی بۆ ئەوە گێڕایەوە کەڕای زۆری خەڵک ئەوەیە لەو سەفارەتە عەرەب دەسەلاتی زۆری هەبووە بۆیە"قبوڵیان نیە ئێمە بەناوی مامۆستایانی کوردو کوردستان داوای ئەو هاوکاریە بکەین" بەڵام گەرمیانی ئەوەی بەکاری حکومەتی کوردستان زانی و ئاشکرای کرد یەکێتیەکەیان لە ئەوروپا"رەش بینن لە هاوکاری حکومەتی کوردستان" دڵنیابون ئەوانیش لەو بارەیەوە هاوکاری ناکەن، ئاسۆ گەرمیانی ئەوەشی وت کە خەتەر لەسەر بەکوردی مانەوەی زمانی منالانی کورد لە ئەوروپا هەیە و ئەگەر حکومەت و خەمخۆرانی کورد لەو بارەیەوە هەنگاوی پێویست هەڵنەگرن گومان لە دڵسۆزیان دەکرێت بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەیان وتیشی "ئێمە نەک داوای ئەو هاوکاریە وەکو سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کەرد لە ئەوروپا و بەشەخسی بۆخۆم چەندین جار سەردانی وەزیری پێشوی پەروەردە دکتۆر دڵشادم کردوە چەندین جار لە رێی ڕاگەیاندنەکانەوە رەخنەم هەبووە پێویستی ئەوبوارەم خستۆتە ڕوو چەند جارێکیش گفتوگۆ لەنێوانمان هەبووە بەڵام تەنها بەڵێدوان بەدەممانەوە هاتون بە پراکتیکی یەک شتیان نەکردووە جگە لەوەش ئێمە ویستومانە نەک بەتەنها بۆ خزمەتی منالانی کورد لەئەوروپا ویستومانە خزمەتی خوێندنگا کوردیەکانیش لەکوردستان لە باخچەی ساوایانەوە تا پیش زانکۆ بکەین ویستمان تێکەڵاوی لەگەڵ خوێندنگا سویدیەکان و ئەوانی کوردستان دروست بکەین ویستمان وەک سیستەمیان گۆڕیوە بە سویدی مامۆستا کوردەکان بەعەمەلی پیادەکردنی

سیستەمی سویدی ببینن و دواجاریش چەند مامۆستایەکی سوید ببەینە کوردستان بۆ دروستکردنی تێکەڵاویەکە سوید ئامادەی هاوکاریمان بوو بۆیە وەک سەرەتا 14 مامۆستای کوردستانمان داوەتی سوید کرد پاسپۆرت و ڤیزاو هەموو شتمان بۆ کردن بەڵام لەکۆتای هەوڵەکانمان سەردانی دکتۆر دڵشادم کرد لەوەزارەتی پەوروەردەی کوردستان و داوای هاوکاریمکرد وتی بەداخەوە ئێمە ناتوانین کرێی فرۆکەی ئەو 14 مامۆستا دابین بکەین وتمان ئێمە تەنها خەرجی پلیتی تەیارەکەمان دەوێت خۆمان دەتوانین لەوێ خزمەتیان بکەین و لایەنە سویدیەکانیش ئامادەن هاوکاریمان بکەن بەڵام نەیان کرد ئەو پرۆژەی ئێمەشیان بەهۆی هاوکاری نەکردن وەستاند ئەوەش رەشبینتری کردین بەهاوکاری حکومەتی کوردستان."

مامۆستا ئاسۆ رەخنەی لە نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستانیش لەسوید هەبوو وتی"ئەم نوێنەرایەتیەی حکومەت یەک جار لەگەڵ مامۆستا کوردەکان دانەنیشتووە بڵێ ئەرێ لەناو ئەم هەموو زەختە لەسەر بەکوردی مانەوەی زمانی کوردی منداڵەکوردەکان، ئێوە بەرنامەتان چییە و ئێمە چیمان پێدەکرێت بۆ هاوکاریتان نەک ئەوە داوەتی کۆڕو سیمیناریشمان کردوون نەهاتون."

لەبەرانبەر ئەو رەخنانەش وەک مامۆستایەکی کورد هەوڵەکانی حکومەتی سویدی بەرز نرخان لە هاوکاری خوێندنی زمانی دایکی منداڵە بێگانەکان لەم وڵاتەو ئەوەی بە مرۆڤ دۆستی زانی ئاماژەشی کرد"حکومەتی سوید لەرێی کۆمۆنەکانەوە"شارەوانیەکان" هاوکاری مامۆستا کوردەکان دەکات و پێویستیەکانی کتێبیش دابین دەکات مامۆستاکان دەچن کۆپی کتێبە کوردیەکان دەکەن بۆ وانە وتنەوە بەمنداڵان یان کتێب دەکڕن دواجار خەرجی ئەو کارەیان دەدرێتەوە من بۆخۆم ساڵی وا هەبووە 7000 حەوت هەزار کرۆن خەرجیم لەو بوارە هەبووە بۆم خەرجکراوەتەوە" وەک بەراوردێکیش وتی"ئەوە حکومەتی سوید و ئەوەش حکومەتی هەرێم" وەک دواین قسە بەرپرسی سکرتاریەتی ئەوروپای یەکێتی مامۆستایان روی لە حکومەتی کوردستان کرد و وتی"لەم ماوەی رابردوو ئێمەیان رەشبین کردووە خزمەتی زمان و مامۆستا و خوێندکاری کوردیان نەکردووە لە ئەوروپا تکا دەکەم پردێک لەنێوان کوردانی ئەوروپاو کوردستان دروست بکەن ئێمە هەوڵماندا

دروستی بکەین و ئەوان نەیانکرد هاوکار بن بۆ ئەوەی ئەو کارە بکرێت زۆر پێویستە گەشت بۆ منداڵانی کورد بۆ وڵاتی دایکیان ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی زمانی دایک گرنگ بێت لایان پێویستە تێکەڵاوی لەنیوان خوێندنگاکان دروست بکرێت و ئێمە دەتوانین هەماهەنگ بین من دەتوانم ئەوە بڵێم زمانی کوردی منالآنی کورد لە ئەوروپا لەمەترسیدایە ئەوەش خەتەرێکی نەتەوەییە" داواشی کرد وەزارەتی پەروەردە هەنگاوی پێویست هەڵگرێت وەک ئەوەی هیوای خواست کە سەفارەتی عێراق و نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستانیش وەک سەفارەت و نوێنەرایەتیەکانی تری دنیا لەو بارەیەوە کاربکەن وتیشی ئێمە وەک مامۆستایان خۆبەخشانە لەخزمەت و هەوڵی خۆمان بەردەوام دەبین هیواشم وایە حکومەتی نوێ هاوکارمان بێت بۆ ئەوەی پردێکی هەمیشەیی لەنێوان مامۆستایانی سویدو کردستان دروست بکەین ئەگەر ئەمانیش بەدەممانەوە نەیەن ئەوە ئەوەی بە ئێمە بکرێت بەردەوامی و خەمخۆریمانەو بەردەوام دەبین.